www.kurdistannet.org
17-12-2006 13:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ینک و پدک، بێکەر ـ هاملتۆنیشان خستە خزمەتی خۆیان. ... حاجی ئەنوەر

٢٠٠٦/١٢/١٥ .

وا دووهەفتە دەبێت تەواوی باشوری کوردستان، سەرقاڵی ئەو ڕاپۆرتەی دۆستی دڵسۆزی گەلی کوردە.



زۆر بێمانایە مرۆڤ ئەوەندە گێل و نەفام بێت ئەمریکا بەدۆستی خۆی بزانێت. لەکاتێکدا لەسەرتاسەری دنیادا وەک هۆی کێشەکانی دنیا دەناسرێ، بەرپرسانی ئەمریکا بەتاییەتی سەرۆکەکانیان ڕوویان کردوەتە کام وڵات، نارەزایی و ئاڵای ئەمریکا نەسوتێنرابێ؟. ئەمریکیەکان زۆر بەئاشکرا و بەبێ لەڕوودامان، ووتویانە ئێمە دۆستی کەس نین و بەدوای بەرژەوەندی خۆمانین، خۆ ئەوەندە دوورنیە کاتێک نەک دەستی بەڵکو زمان و چاو و گوێچکەی کوردیان بڕی و کردیانە قوربانی بەرژەوەندی ئەوکاتەی خۆیان، وەڵامی نامەکەی سەرۆکی پارتی (مەلا موستەفای بارزانی) لەلایەن هێنری کیسنجەرەوە، دواهەمین ئاگاداریەکی زۆر ڕوون ئاشکری بوو بۆ نەتەوەی بێ خاوەنی کورد.

ئەم هەرایەش ئەمڕۆ دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان دەیکات، لەبەتەنگ هاتنیانەوە نیە بۆ کێشەی کوردستان، بەڵکو چەواشە کردنی خەڵکی بشمەینەتی کوردستانە و ترساننیانە لە ڕوودانی کارەساتی گەوەرە، تا لەو ڕێگەیەوە بۆ ماوەیەکی تر ئەو خەڵکە بێدەنگ و بێماف بکەن.

ئەگەر ینک و پدک، ڕاست دەکەن و دڵسۆزن بۆ کورد وکوردستان، بابێن ئەو دزییانەی کردویانە بیگێڕنەوە بۆ حکومەت بەئاگاداری خەڵکی کوردستان، بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی دەوڵەت. جا ئەو کاتە چ ئەمریکا و وڵاتانی دنیاش ناچاردەبن ئیعراف بە بوونی کورد وەکو دەوڵەت بکەن. ئاخر کوردستان هیچ سیمایەکی نەک دەوڵەتی پێوەدیار نیە، بەڵکو واشێواندویانە، ئەگەر دڵسۆزی و بەتەنگ هاتنەوەی خەڵکەکەی نەبێت هەر لەکۆمەڵگاش ناچێت. حکومەتێکی بێتوانا و نەشارەزا، پەرلەمانێکی مەشلولی خەولێکەوتوو، ژمارەیەکی یەکجارررررررر زۆری بەڕیوەبەرایەتی جۆراوجۆری بڵح، هەر بەناو دەزگایەک لە ئاوازێک دەخوێنێ و ینک و پدکیش لەسەرووی خەڵک وبەناو بەرژەوەندی خەڵکەوە، بەئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن.

دەک خەجاڵەت بن ینک و پدک بۆ زۆڵێتیتان، لەم چەند ڕۆژەی کە تەواوی خەڵکتان مەشغول کرد بە لاپەڕەکانی ڕاپۆرتەکەوە، خۆشتان لە مەشغولیدا ئاگاتان لە قنگی خۆتان نیە و خەریکی گرێبەستن لەگەڵ کۆمپانیاو و سەرمایەدارانی کەنداودا، خۆتان چاک دەتانزانی نەک بێکەر وهاملتۆن بەڵکو هەرکەسانێکی تر ئەو ڕاپۆرتەیان بنوسیایە هەمان شت بەڵکو خراپتریان دەنوسی، بێکەر یەکێکە لەو دەسەڵاتدارە ئەمریکیانە کە سۆزی بۆ نەتەوەی کورد هەیە، خەڵکی کوردستان باش بیریان ماوە کە کاتێک ئێوە پێش ئەوەی بقوچێنن چەک وتەقەمەنیتان شاردەوە و ئاودیوی ئێرانتان کرد ئەوە جێمس بێکەر بوو سەدانی ئاوارەکانی کرد. بۆ نەهاتن بەدزیەوە، بۆ ئەوەی دڵی ئاغاکانتان گەرد نەیگرێ، لەڕێگای ڕێکخستنەکانتانەوە داوا لەخەڵکی کوردستان بکەن نارەزایەتی دەرببڕن، بۆیە دەڵێم بەدزیەوە چونکە ئێوە چەندە قارەمان و ئازاو بەجەرگن بۆ کوشتنی ڕۆڵەی کورد و سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵکی داماوی کوردستان، هەزار ئەوەندە ترسنۆکن بەرامبەر ناحەزانی کورد لە

شۆڤێنیستانی عەرەبەکانەوە بیگرە تا تورک و فارس و لەسەری ئەوانیشەوە دۆستەکانتان. خۆ هەموومان چاکمان بیر دێت کاتێک کە سەدامی کۆنە ئەندازیار مابوو، هەر کەدەیان ووت هات، بەپەلە بانکەکانتان چۆڵ دەکردو دەتان قوچاند و خەڵکی سڤیلتان دەکردە قەڵغانی خۆتان، ئاخر کەسێک هەیە ئەو ڕۆژەڕەشانەی بیر چوبێتەوە ڕێگەتان لەجەماوەر دەگرت تاخۆتان دەرباز دەکرد بۆ مەرزەکان و لەوێش دوکان و بازاڕەکانتان و گومرگەکانتان دەخستەوە گەڕ؟.
ئێوە تا ئەم چرکەیەش هەر خەریکی سەفاو مەڕوای بەغدادن، بەڵام بۆ کێشەی کورد نا بەڵکو بۆ وەرگرتنی ٨% ی میزانیە کە وەک خۆتان دەڵێن ١٧% یە، بەڵام ئەوەندە لاوازن بهرانبوە ناحەزانی کوەد بە هەموو شتێک ڕازی.